گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/8eeff272

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 04/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# پەروەردەو پەروەردەی ئازاد: خوێندنەوەیەک بۆ پێداگۆجی ڕەخنەگرانەی پاولۆ فرێری

**دڵکەش محمد عمر[1] - بتول رضا عباس[2]**
dlkashomer15@gmail.com - dr.batool2010@uor.edu.krd
[1+2]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
بیرۆکەی پەروەردەی ئازاد سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی دێرین و تا ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر پەروەردەی هاوچەرخ هەیە. ئەم فەلسەفەیە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە داڕشتنی بەرنامەی خوێندن لە وڵاتانی ئەوروپادا و تا ئێستاش لە سیستەمە پەروەردەییە جیاوازەکانی ڕۆژئاوادا بەردەوامە. پاولۆ فرێری گرنگی بە بیرۆکەی ئازادی لەپەروەردەدا داوە، بەتایبەت لەو ناوچەیەی کە پێدەگوترێت جیهانی سێهەم. ئەو هەوڵیداوە لەڕێگەی تیۆرییە فەلسەفییەکانیەوە پەرە بە بیرۆکەی ئازادی بدات لە پەروەردەدا. بەتایبەت هۆشیارکردنەوەی چینی ستەملێکراوان لەو ستەمەی کە بەرامبەریان دەکرێت و نەهێشتنی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا و هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی ئازادی.
لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر پێداگۆجی ڕەخنەگرانەو فێرکردنی بانکی لە فەلسەفەی پەروەردەی پاولۆ فرێریدا، بیرمەندی ڕزگاریخوازی بەڕازیلی. ئەم توێژینەوەیە چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی شیدەکاتەوە، وەکو پەروەردەی ئازاد، فێرکردنی بانکی بەرامبەر بە پێداگۆجی ڕەخنەگرانە، پێگەی دیالۆگ و ڕۆڵی مامۆستا لە فەلسەفەی پەروەردەی فرێری-دا میتۆدی توێژینەوە پشت بە شیکردنەوەی دەقی بەرهەمەکانی فرێری دەبەستێت، بەتایبەت کتێبی 'پێداگۆجی ستەملێکراوان'، و هەڵسەنگاندنی کاریگەری بیرۆکەکانی لەسەر تیۆری و پراکتیکی پەروەردەیی. دەرەنجامەکان پیشان دەدەن کە فەلسەفەی فرێری هێشتا گرنگی و کاریگەری هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی نایەکسانی پەروەردەیی و بەهێزکردنی فێرخوازان لە سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخدا. لەکۆتاییدا، کۆمەڵێک پێشنیار پێشکەش دەکات بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕوانگەکانی فرێری لە بواری فەلسەفەی پەروەردەدا بۆ هاندانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر. لەوانە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەلایەن فێرخوازان، دەسبەرداربونی بیرۆکەی پەروەردەی نەریتی باو، لەجێی ئەمە هێنانە کایەی پەروەردەیەک کە تێیدا پەرە بە توانای فێرخوازان بدرێت و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدیبێت لەڕێی پەروەردەوە.

**کلیلە وشەکان:** پاولۆ فرێری، پەروەردەی ئازاد، پێداگۆجی ڕەخنەگرانە

# Education and free Education: A Reading to Paulo Freire's Critical Pedagogy

**Dlkash Muhammad Omar**[1] **Batool Raza Abbas**[2]

[1+2]Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The notion of free *education* goes back to ancient Greece, and it has been playing a significant role in developing studying programs in various western educational systems. Paulo Freire has put importance on freedom in education, particularly in the third world. Through his philosophical theories, Freire has tried to spread and develop the notion of freedom in education; especially, raising the awareness of the oppressed classes towards the oppression that is done against them, and eradicating social classes to achieve social justice and making freedom.

This study discusses the critical pedagogy and the banking method in the educational philosophy of Paulo Freire, the Brazilian libertarian, and it analyses the main concepts, such as education for freedom, banking method vs. critical pedagogy, the role of dialogue and teachers. The method of this study relies on analyzing the works of Freire, with focus on his book; *The Pedagogy of the Oppressed*, and evaluates the effectiveness of his ideas on the theory and practice of education. The results indicate that Freire's philosophy still continues to insert its importance and influence for fighting educational inequalities and empowering students in the modern educational system. The study gives suggestions about the way of using Freire's viewpoints in the philosophy of education for encouraging social change and establishing a more just society. Among these are developing critical thinking among students, getting rid of conventional education; and bringing about an education that students' abilities are to be developed in it and guarantees freedom and social justice through education.

Keywords: Paulo Freire, Free Education, Critical Pedagogy

## پێشەکی:

پەروەردە لە زۆربەی سەردەمەکاندا بوەتە کرۆکی لێکۆڵینەوەی فەیلەسوفان، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی. مێژوی مرۆڤایەتی شایەتی ئەوەیە کە لە سەرەتاوە، نیشانەکانی پەروەردە لە هێماکانی نوسین و گواستنەوەی زانیاریدا دەرکەوتون. پەروەردە پرۆسەیەکە کە ڕێگا خۆشدەکات بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی و توانای مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا بگێڕن.

بیرمەندی بەڕازیلی پاولۆ فرێری، شۆڕشێکی لە تێگەیشتن بۆ پەروەردە بەرپاکرد کاتێک چەمکی 'پەروەردەی ڕزگاریخواز'ی پێشکەش کرد. فرێری بەتوندی ڕەخنەی لە شێوازی پەروەردەی باو گرت کە تێیدا فێرخواز وەک کەسێکی ناچالاک سەیردەکرێت و مامۆستا زانیاری تەنها بە یەک ئاراستە دەگوازێتەوە. لە بری ئەمە، فرێری بانگەشەی بۆ شێوازێکی پەروەردە دەکرد کە لەسەر بنەمای دیالۆگ، 'ڕەخنەگرانە' هۆشیاریی ڕەخنەگرانە دامەزرابێت.

پاولۆ فرێری ئازادی وەک توانای بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بارودۆخی مرۆڤ و گۆڕینی چالاکانە سەیر دەکرد، بەتایبەتی لەچوارچێوەی تەحەدای سیستەمی ستەمکاردا. ئەو پێیوابو ئازادی ڕاستەقینە تەنیا نەبونی سنوردارکردن نییە، بەڵکو توانای بەشداریکردنە لە پرۆسەیەکی ویژدان کردندا، کە تاکەکان ئاگاداری واقعی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبن و چالاکانە بەشداری لە گۆڕانکاریەکانیدا دەکەن. چەمکی ئازادی فرێری بە قوڵی لەگەڵ پەروەردەدا تێکەڵ بوە، کە وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاری دەبینی نەک تەڵقین.

تیۆرییە پەروەردەییەکانی فرێری ئاسۆیەکی فراوانیان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کردۆتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، پەروەردە دەبێت ببێتە ئامرازێک بۆ ڕزگاربون لە چەوسانەوە و بەدیهێنانی دادپەروەری. بیرۆکە سەرەکییەکانی وەک گرنگیدان بە دیالۆگ لە نێوان مامۆستا و فێرخواز، پەرەپێدانی توانای ڕەخنەگرتن، کاریگەریی قوڵیان لەسەر پەروەردەی هاوچەرخ هەبوە. لە ئێستادا، فەلسەفەی فرێری وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربونەوەی نایەکسانی لە بواری پەروەردە و هاندانی گۆڕانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت. تیۆرییەکانی ڕێگا خۆش دەکەن بۆ سیستەمێکی پەروەردە کە تێیدا هەمو کەسێک دەنگی خۆی هەبێت و بتوانێت بەشداری لە دروستکردنی واقیعی خۆیدا بکات. لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت جەوهەری فەلسەفەی پەروەردەی فرێری بریتییە لە باوەڕ بە توانای مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری و بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لە پەروەردەکردنی کەسانێک کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەبێت و ئامادەبن بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی جیهانێکی دادپەروەرانەتر.

## گرنگی توێژینەوەکە:

١. دەرخستنی ئەو ڕاستیەی کەپەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکە. پەروەردە تەنها فێرکردنی زانست نییە، بەڵکو چاندنی بەها و بەهێزکردنی کارامەییەکان و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی قوڵە لای نەوەکان. هەروەها دەرخستنی ئەو ڕاستیەی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، پەروەردە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لەڕێگەی ئەو ڕێبازە نوێیانەی کە لە سیستەمی پەروەردەی جیهانیدا پەیڕەو دەکرێن و جەخت لەسەر توانا و بەهرەکانی فێرخواز دەکەنەوە. گرنگی پەروەردەی ئازاد بناغەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتو، ئارام، و دادپەروەرە کە تێیدا مرۆڤەکان دەتوانن

بە تەواوی مافەکانیان بەدەستبهێنن و بەشدار بن لە دروستکردنی داهاتویەکی باشتر هەروەها بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٢. فرێری پەروەردەی کردوە بە ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بانگەشەی بۆ پەروەردەیەک دەکرد کە لەسەر گفتوگۆی دولایەنە بونیادبنرێت، نەک سیستەمی 'بانکی' کە فێرخواز وەکو کۆگای زانیاری سەیر دەکات. گرنگی توێژینەوە لە فەلسەفەی پەروەردەی فرێری لێرەدا دەردەکەوێت، بەگوێرەی زانیارییەکان سیستەمی پەروەردە لە کوردستان سیستمێکی بانک ئاسایە، مامۆستایان زانیاری ناو کتێبەکان بە فێرخوازان دەدەن و لەکاتی تاقیکردنەوە وەکو خۆی لێیان وەردەگرنەوە. بۆیە پێوست بۆ ڕزگاربون لەم کێشەیە لەبەرامبەر فێرکردنی بانکی گرنگی بەپێداگۆجی ڕەخنەگرانەی فرێری بدرێت لەسیستمی پەروەردەی کوردستاندا.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوە لە فەلسەفەی پەروەردەی فرێری بۆ تێگەیشتنە لە چۆنیەتی گۆڕینی پەروەردە، کە پەروەردە دەگۆڕێت لە سیستەمێکی 'بانکی' کە زانیاری تێیدا دەخرێتە مێشکی فێرخوازەوە، بۆ پرۆسەیەکی ڕەخنەگرانە کە فێرخواز بەشداری چالاکی تێدا دەکات کە ئەویش پێداگۆجی ڕەخنەگرانە. لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت ڕێگاکان بدۆزرێنەوە بۆ بەکارهێنانی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاربونەوەی چەوسانەوە، چونکە فرێری پێیوابو پەروەردە دەتوانێت ببێتە هۆی ئازادی. ئامانجی سەرەکی پەروەردەی ئازاد لای پاولۆ فرێری ئەوەیە کە مرۆڤ بگاتە هۆشیاری ڕەخنەگر و بتوانێت دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی بناسێت و بیگۆڕێت.

**کێشەی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەک کە ئەنجام دەدرێت توێژەر ڕوبەڕوی چەند کێشەیەک دەبێتەوە، ئەم توێژینەوەش بەدەرنییە لەوە، ئەوکێشانەی ڕوبەڕوی توێژەر بونەوە بە پلەی یەکەم نەبونی سەرچاوە، بەتایبەت بە زمانی کوردی، بۆیە زۆربەی کات سەرچاوەکان چەندجارێک دوبارە بونەتەوە لەکاتی نوسینی بابەتەکە. یەکێکی تر لەوکێشانەی کە ڕوبەڕوی ئەم توێژینەوە دەبێتەوە کارکردنە لەسەر پەروەردەی ئازاد کە توێژەرانی و نوسەرانی کورد زۆر کەم گرنگی بەو لایەنە دەدەن، ئەمەش وادەکات لەکاتی لێکۆڵینەوە لە پەوەردەی ئازاد ڕوبەڕوی گرفت ببینەوە.

### پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:

١. چۆن دەتوانرێت بنەماکانی پەروەردەی 'ئازاد' بەپێی پاولۆ فرێری لە سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخدا جێبەجێبکرێن بۆ بەهێزکردنی فێرخوازان و بەرەنگاربونەوەی نابەرابەری کۆمەڵایەتی؟
٢. لایەنە نەرێیەکانی پەروەردەی بانکی چین؟
٣. کاریگەری دیالۆگ چییە لەسەر توانای بیرکردنەوەی فێرخوازان بەگوێرەی فرێری؟
٤. ئایا دەتوانرێت سود لە پێداگۆجی 'ڕەخنەگرانەی' وەربگیرێت لەبەرامبەر فێرکردنی 'بانکی' لەم نێوەندەدا مامۆستا چ ڕۆڵێک دەبینێت؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی ڕەخنەگرانە و "شرۆڤەیی – شیکاری" بەستراوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر و ورد پرسی پەروەردەی ئازاد لە دیدی پاولۆ فرێری شرۆڤەبکرێ.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لەچوار باس پێکهاتوە، لەباسی یەکەمدا باس لەپەروەردەی ئازاد دەکەین لە تێڕوانینی پاول فرێری. لە باسی دوەمدا باس لە فێرکردنی بانکی دەکەین لە دیدی پاولۆ فرێری، بەشێوەیەک شیکاری ئەم پرسە دەکرێ کە بەشێوەیەکی ڕون تێڕوانینی ئەو بخەینە ڕو سەبارەت بە فێرکردنی بانکی. ئەوکێشانە بخەینە ڕو کە فێرخواز لە فێرکردنی

بانکیدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە لەگەڵ کاریگەری دیالۆگ لەسەر توانای بیرکردنەوەی فێرخوازان. لە باسی سێهەمدا، پێداگۆجی ڕەخنەگرانە لەبەرامبەر فێرکردنی بانکی دەخەینە ڕو. لە تێڕوانینی پاولۆ فرێری دا، پێداگۆجی ڕەخنەگرانە جێگرەوەی فێرکردنی بانکییە، لێرەدا فێرخوازان تەنها فێر ناکرێن بەڵکو فێرێر دەکەن. ئەمە وا لە فێرخوازەکات کە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەبێت و لەم ڕێگەیەوە بگات بە ئازادی، باسی چوارەم ڕۆڵ و پێگەی مامۆستا لە فەلسەفەی پەروەردەی فرێریدا.

### باسی یەکەم: چیەتی پەروەردەی ئازاد بەپێی پاولۆ فرێری.

تیۆری پەروەردەیی لە نوسینەکانی پاولۆ فرێردا جێگەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەهۆی ئاوارەو دەربەدەری لە وڵاتەکەی خۆی بۆ وڵاتانیتر، ئەمەش یارمەتی داوە دیدگا و تیۆرێکی پەروەردەیی نوێ پێکبهێنێت، ئەمەش لە کتێبی پێداگۆجی ستەملێکراوان و لە ڕێگەی تیۆرێکی نوێی پەروەردەییەوە هەستی پێدەکرێت کە داوای ئەوە دەکات پەروەردەی لە فێرکردنی بانکییەوە بگۆڕدرێت بۆ پەروەردەی دیالۆگی (ڕەخنەگرانە)، هەروەها نەهێشتنی ستەمی مامۆستایان لەسەر فێرخوازان بە دروستکردنی کەشێکی پەروەردەیی کە برایەتی و سۆز بەسەریدا زاڵ بێت لە ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکان، بۆ ئەوەی مامۆستا لەم ڕێگەیەوە ببێتە ئاسانکاری بابەتەکە پەیڕەوکردنی شێوازێکی نوێ لە پەروەردەدا، کە بە هێنانەکایەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان بە هاوبەشی لەگەڵ فێرخوازان نوێنەرایەتی دەکرێت (الشمیری، ٢٠١٩: ٩١). فرێری پێیوایە کە پەروەردە تیۆرێکی دیاریکراوی مەعریفەیە کە ڕۆژانە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام جلێکی جوانکاری دیاریکراوی لەبەردەکرێت. زۆر سەرقاڵمان دەکات بە یارمەتیدانی منداڵان بۆ ئەوەی خۆیان وەک بونەوەرێک لە قاڵب بدەن، کە لایەنێکی هونەری پەروەردەکردنە (Freire, 1985.17).

پاولۆ فرێری پێیوایە کە پەروەردە کۆمەڵگە پێکناهێنێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگەیە کە پەروەردە پێکدەهێنێت، بەڵام بەپێی بەرژەوەندیی ئەو کەسانە شێوەی پێدەدات کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، واتە ئەو گروپەی کە پێیان دەوترێت ستەمکاران (حمزة، ٢٠٢١: ٢٤). فرێری دەڵێت پەروەردە کۆمەڵگە دروست ناکات، چونکە لەتوانایدا نییە. ئەرکی پەروەردە لە ڕێڕەوی ڕۆیشتن و گەشەکردنی خۆیدا بە ئاڕاستەیەکی تەندروست قەتیس دەمێنێ. ڕاستە پەروەردە هاوبەشی لە پاراستن و چاودێری کۆمەڵگەدا دەکات، بەڵام ئەو تاکانەی لەبواری پەروەردەدا ئیش دەکەن ئەم ئەرکەیان بۆ نایەتەدی، ئەم ئەرکە بێتەدی یان نەیەتە دی پاساوێک نادا بەدەستەوە بۆ باوەڕکردن بەوەی کە پەروەردە دەتوانێت کۆمەڵگە دروست بکات (عەلی،٢٠٢٠، ٢٨٥) بۆیە پەروەردە هەرگیز ناتوانێت بێلایەن بێت، سروشتی سیاسی پەروەردە پەیوەستە بەوەی چ کەسێک بەرهەمی هێناوە و ئەم دامەزراوە بە سودی کام کەس و گروپ کاردەکات. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەروەدەی بێلایەن بونی نییە (شارعپور، ٢٠٢٣، ٧٥). "پەروەردە دەبێت خوێندنەوەی کۆنتێکست، خوێندنەوەی جیهان لەخۆبگرێت" (فریری، ٢٠٠٧، ٧٥). چینە دەسەڵاتدارەکان زۆرجار دەیانەوێت سیستەمی پەروەردە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بێ جوڵەکردنی چینەکان بەکاربهێنن. هەرچەندە، ئەوان دەتوانن خۆیان وەک "پێشکەوتنخواز" نیشان بدەن کاتێک بەرژەوەندییەکانیان وا پێویست دەکات. ئەم پێشکەوتنخوازییە تەنها لە بواری تەکنیکیدایە کە بە شێوەیەکی "بێلایەن" پێشکەش دەکرێت .ئەگەر پێمان وابێت کە دەسەڵاتداران ڕازی دەبن کە قوتابخانەکانمان (چ لە گوند و چ لە شار) چاکسازی کشتوکاڵی وەک پرسێکی ئابوری، سیاسی و ئەخلاقی گرنگ بۆ گەشەی وڵات باس بکەن، ئەوا خۆمان فریودەدەین. دەسەڵاتداران نایانەوێت ئەو جۆرە پرسیارە ڕەخنەگرانە و پێویستانە لە پەروەردەدا باس بکرێن کە دەکرێت بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسییەوە(FREIRE,1998, 95).

ئەرکی پەروەردە بریتییە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە لە ڕێگەی پەروەردەوە پەرە بە توانا ڕەخنەییەکانی فێرخوازان بدات، بە بڕوای فرێری ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پێکهێنانی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ناهۆشیاریی و بێهەڵوێستی خەڵک، کە بەهۆی پرۆسەی مێژوییەوە بەرهەمهێنراوە، پەروەردە ئاسانکاری دەکات پرۆسەی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی بێهەڵوێستەوە بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و گەشەکردنی تواناکانی مرۆڤ بۆ ناسینی کێشەکانی سەردەم و توانای بەرەنگاربونەوەی فشارە سۆزدارییەکان لە قۆناغی گۆڕانکاریدا (قلامین، ٢٠٢١: ٤٥). کەواتە هەر پرۆگرامێکی پەروەردەیی پشتگیری لە جیاکاری چینایەتی و بەکارهێنانی کرێکاران و جۆرەکانی تری نادادپەروەری بکات، پشتگیری لە دۆخی ستەمکاری دەکات و ڕێگری لە هەر کردارێکی کۆمەڵایەتی داهێنەرانە دەکات (علی، ٢٠١٩، ٥١).

پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای بەشداریی تەواو لە نێوان سەرکردەکان و جەماوەردا بێت و ئەم بەشدارییە دەبێت بە ئەزمونی زانستی ئاوبدرێت (علی، ٢٠١٩، ٤٥). بەبڕوای فرێری گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستمی پەروەردەدا مەسەلەیەکە پەیوەستە بە گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا، چونکە کۆمەڵگە سیستمی پەروەردەی کردوە بە گوزارشتی فەلسەفەی سیاسی و ئامرازێکی پێویست بۆ خۆی، بەڵام چونکە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لەڕوداوە مێژوییەکانی کار و تێکشانی مرۆڤەکان، بۆیە لە ئەنجامدا توێژینەوەی گرێدراو بە سیستمی پەروەردە دێتەدی (عەلی، ٢٠٢٠، ٢٨٥-٢٨٦). کەواتە پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای بەشداری و کاریگەریی بێت، و دەبێت لە ژیانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە بگرێت، نەک پرۆسەیەکی سەپێنراو بەسەر کۆمەڵگەدا، پرۆسەیەک بێت کە پەیوەندییەکی کاریگەر و چالاکانەی هەبێت لەگەڵ هەمو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (علی، ٢٠١٩، ٥٣)

فرێری پەروەردەی بنەمادار بە کۆمەڵگەی بەکارهێناوە، کە فێرخوازان چالاکانە لەگەڵ پرسە جیهانییە ڕاستەقینەکاندا بەشداری دەکەن و هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ناوخۆییەکان. ئەم ڕێبازە هەستکردن بە بەهێزکردن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەکات، هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای فرێری بۆ پەروەردە بۆ ڕزگاری (Mandal, 2023: 8).

فرێری ڕەخنەی لە کولتوری بێدەنگی دەگرێت، پێیوایە کە دۆخێکی چەوساندنەوە بەهێز دەکات. ئاماژەی بەوەشکردوە، سەرچاوەی کولتوری بێدەنگی یان نەزانییە یان پەروەردەیە. ڕونیشی کردۆتەوە، ئەو هەژارییەی کە کۆڵبەران تێیدا دەژین، جۆرێک لە پەروەردەی زۆرەملێی دروستکردوە، ئەمەش وایکردوە ئەرکی فێرخواز و مرۆڤ بە گشتی، بە بڕوای فرێری، ئەو کێشە و دژایەتیانەی تێیدا دەژی، لەناو ببات و کار بۆ گۆڕینی واقیعی خۆی بکات. فەلسەفەی فرێری لە "پەروەردەی ستەملێکراوان"ەوە بۆ "پەروەردەی ئازادی" و بۆ "پەروەردەی هیوا" لە کۆتایی ژیانیدا پەرەیسەند، سەرەتای بە ڕەخنەگرتن لەو پەروەردەیە دەستپێکرد کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا جێبەجێ دەکرێت کە پشت بە "کلتوری بێدەنگی" و "پەروەردەی ستەم" دەبەستن و کۆتایی بە هەڵوێستێکی کارلێککارانە هات کە دژایەتی زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی دەکرد (شکور،٢٠١٧، ٤٢).

بەبۆچونی فرێری، پەروەردە ئامرازێکی ڕزگاریخوازانەیە بۆ چەوساوەکان تاکو ئازادی خۆیان بنیاتبنێن. پەروەردەی ڕاستەقینە توانای خەونبینین و گەڕان بەدوای ماناکاندا دەبەخشێت، بەڵام لە جیهانی سێیەمدا، ئەم گەڕانە لەگەڵ پێداویستییە سەرەتاییەکاندا بەریەک دەکەوێت. لەوسەردەمەدا کە بێ هیوایی و نادادپەروەری تێدا باڵادەستە. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بێلایەنی لە بەرامبەر نادادپەروەریدا بونی نییە ئەوە تەنها خزمەت بە ستەمکاران دەکات.

کەواتە، پەروەردە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەیە، نەک تەنها تاکەکان، ئەو پێیوایە کە پێویستە نامۆبون بە هەمو شێوەکانییەوە نەهێڵرێت (salmeri 2022: 112).

فرێری لەچەمکی ئازادی فێربوندا زیاتر جەخت لەسەر ئازادی فێرخوازان دەکاتەوە بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەوەی کەدەیانەوێت چی فێربن و یارمەتیان دەدات توانای فێربونی سەربەخۆیان بۆ بنیات دەنێن. هەردو ئەم چەمکانە هەمان ئامانجیان هەیە، ئەویش ئاسانکاریکردنە بۆ پرۆسەیەکی فێربونی چالاک و بەشداریکردن و بنیاتنانی توانای فێرخوازان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(Zamzami, 2023: 80).

بەبروای فرێری سیستەمی خوێندنی ئەمڕۆ زۆرجار جەستە و هەستەکانی فێرخوازان پشتگوێ دەخات و تیۆرییە ئەبستراکتەکان پەیڕەو دەکات، کە فێرخوازان دەکاتە بونەوەری ناچالاک. فرێری پێداگری لەسەر گرنگی کارکردن لەگەڵ 'جەستە' دەکات واتە ماددییەتی بونی مرۆڤ، وەک بنەمایەک بۆ پراکسیسی ڕەخنەیی. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی داوای زیاتر لە لۆژیک و عەقڵانییەتی پەتی دەکات. پێیوایە کە جەستەی فێرخوازان بەردەوام لە ململانێ دایە؛ خۆگونجاندن یان یاخیبون، دڵخۆشی یان بێهیوایی و هەمو ئەمەش دەربڕینی ئارەزوی ئازادییە. ئازادی ڕاستەقینە لە پەروەردەدا کاتێک دەستپێدەکات کە پێداویستییە جەستەیی، سۆزداری و ڕۆحییەکانی فێرخوازان بناسرێن و بەهەند وەربگیرێن. بۆ بەدیهێنانی ئازادی، پەروەردە دەبێت فێرخوازان وەک بونەوەری چالاک و بەشدار لە پرۆسەی فێربوندا سەیر بکات، نەک تەنها وەک وەرگرێکی ناچالاک. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئازادی لە ڕێگەی پراکسیسی ڕەخنەیی بەدەست دێت کە لە ئەزمونی ژیاوی کەسەکان دەستپێدەکات، نەک تەنها تیۆرییە ئەبستراکتەکان (Darder, 2017, 86).

کاتێک ئازادی لە سیستەمی پەروەردەدا گۆڕانی بەسەردێت و دەبێتە تەنها مۆڵەتی کاتی، لەو بارودۆخانەدا کە مافی سەربەستی فێرخوازیان پشتگوێ دەخرێن، دەسەڵات دەبێتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و داگیرکاری. جیاوازی نێوان چەمکی 'ئازادی ڕاستەقینە' و 'مۆڵەتی کاتی' لێرەدا تەنها جیاوازییەکی زاراوەیی نییە، بەڵکو جەوهەری و بنەڕەتییە. کرۆکی تێگەیشتن لە فەلسەفەی فرێری لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەسەڵاتدایە، کە دەبێت ئامانجی دەسەڵات بریتیبێت لە خوڵقاندنی بارودۆخێکی گونجاو کە تیایدا خەڵک بتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. ئەگەر دەسەڵات بەتەواوی لادرێت، ئەوا پێکهاتە و ئاراستە و ناوەندی پێویست بۆ دروستکردنی دیالۆگی بەهێز لەسەر بابەتە هاوبەشەکان لەناودەچێت. بەبێ دیالۆگی ئامانجدار، ڕزگاربون ناکرێتە واقیع. بە هەمان شێوە، هەوڵدان بۆ ڕزگاربون بێ سود دەبێت ئەگەر هەڵەکانی دیالۆگ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەشێوەیەکی سیستەماتیک سەرکوت بکرێن (Roberts, 2015: 301).

بەبۆچونی فرێری پەیوەندی نێوان خوێندەواری و ئازادی پەیوەندیەکی پتەوە و لێک جیانابنەوە. پاولۆ فرێیری لە بەرهەمەکەیدا "پەروەردەی ستەملێکراوان" ڕونی دەکاتەوە سیستەمە باوەکانی پەروەردە زیاتر یارمەتیدەری بەردەوامبونی چەوساندنەوەی هەژاران بون. جەخت لەوە دەکاتەوە کە خوێندەواری نابێت تەنها ئامرازێک بێت بۆ "باشترکردنی" جوتیاران بە شێوەیەک بە قازانجی چەوسێنەرانیان تەواو ببێت. بە بۆچونی ئەو، فێرکردنی خوێندەواری بۆ کرێکاران ئامانجی دروستکردنی کارمەندی باشتر و بەکاربەری گوێڕایەڵتر نییە، بەڵکو دەبێت پەروەردە کەرامەتی کرێکاران بەرز بکاتەوە و یارمەتیان بدات لە ڕزگاربون لە ستەم. ئەو پێیوایە پەروەردەی ڕاستەقینە پێویستە لە ناوەڕۆکی پرۆسەی دیموکراسیدا هەبێت (تۆماس، ٢٠٢٢، ١٨٣).

### باسی دووەم: پەروەردەو فێرکردنی بانکی یان "کلاسیک "و کاریگەری دیالۆگ.

پاولۆ فرێری لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەیەوە پەروەردەی بانکی شیدەکاتەوە: پەروەردە لەم مۆدێلەدا تەنها گواستنەوەی زانیارییە لەو کەسانەی کە خۆیان بە خاوەنی زانست دەزانن بۆ ئەوانەی کە بە نەزان دادەنرێن. ئەم دۆخە بەرهەمی فەلسەفەیەکی ستەمکارانەیە کە مەعریفەی ڕاستەقینە لەناودەبات. مامۆستا لەم سیستەمەدا، پێگەی خۆی بەوە بەرزدەکاتەوە کە فێرخوازیەکان بە نەزان و پێویستی فێرکردن دادەنێت. لەم پرۆسەیەدا، فێرخواز لە خۆی و زانینی ڕاستەقینە دادەبڕێت و دەبێتە ئامرازێک کە زانیاری تێدا کۆدەکرێتەوە. ئەم مۆدێلە پەروەردەییە لەسەر بنەمای مێشک پڕکردن و بیرشۆردنەوە دامەزراوە، کە تێیدا زانیاری وەک سپاردەیەک لە مێشکی فێرخوازاندا دادەنرێت، لە پەروەردەی بانکیدا، مامۆستا ناوەندی پرۆسەکەیە، سەرچاوەی زانینە و کۆنترۆڵی تەواوی هەیە. ئەو بڕیار لەسەر ناوەرۆک و ڕێگای فێرکردن دەدات، لە کاتێکدا فێرخواز تەنها پەیڕەوکارێکی بێدەنگ و وەرگرێکی ناچالاکە (قلامین، ٢٠٢١: ٥٤).

لە پرۆسەی پەروەردەی بانکیدا، وانە گوتنەوە بریتییە لە بەخشینی شتێک. لەم سیستەمەدا فێرخواز وەک نەزان و مامۆستا وەک زانا سەیردەکرێ، لێرەدا وادەردەکەوێت کە فێرخوازکارەکتەرێکی سستی هەیە و هیچ ڕۆڵێکی پێنەدراوە بۆئەوەی لە زۆر بواردا بەشداری بکات. بۆ نمونە پرۆسەی بیرکردنەوە، مامۆستا مەعریفەو زانیاریەکان دەدەن بە فێرخوازان و ئەوانیش دەبێت لەبەری بکەن، واتە هیچ پێویست ناکات لێی تێبگەن یان شیکردنەوەی بۆ بکەن. لەم شێوازی پەروەردەکرنەدا بوار نادرێت بە فێرخوازان بۆ ئەوەی بونەوەرێکی چالاک بن و داهێنان بکەن، چونکە هیچ کەشێکی ئەوتۆی بۆ نارەخسێت (سەعید، ٢٠٢٢، ٣٠). لەمیتۆدەدا کاری مامۆستا لە قوتابخانەدا تەنها پێدانی ئەو زانیاری و زانستەیە کەلە کتێبەکاندا هاتوە، بۆی نییە زیاتر لەو سنورە دەربچێت، کاتێکیش منداڵێکی بزێو پرسیاری لێبکات، قبوڵ ناکرێت. فرێری ئەم جۆرە پەروەردە و فێرونە بە ترسناکترین پەروەردەو فێرکردن دادەنێت. ئەم پەرەوەردەیە هیچ ڕوداوێکی گۆڕانکاری تێدا نییە (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٠٠).

بە بۆچونی فرێری، سیستەمی پەروەردەی بانکی ڕەنگدانەوەی بیری چەوسێنەرانەیە و لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە بونیاد نراوە کە فێرخوازیان بەتاڵن لە زانیاری. فرێری پێیوایە ئەم جۆرە پەروەردەیە فێربون وەک پرۆسەیەکی ناچالاک وەرگرتنی زانیاری دەبینێت، نەک چالاکییەکی بەشداریکردن و دۆزینەوەی حەقیقەت. ئەو سیستەمە پەروەردەییە ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردن. فرێری پێیوایە کە کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕ نابێت پشت بە سیستەمی پەروەردەی کلاسیک ببەستێت کە لە سایەی کۆمەڵگەی ستەمکاردا گەشەی کردوە. سەرەڕای ئەوەش، زۆرجار کۆمەڵگە نوێیەکان ناچار دەبن ئەم سیستەمە بەکاربهێنن، بێ ئەوەی بەرپرسان تێبگەن کە ئەم جۆرە پەروەردەیە لەگەڵ ئامانجەکانی جیهانبینی نوێیان ناگونجێت و لە ڕاستیدا ڕێگرە لەبەردەم گەشەکردنی مرۆڤایەتی (نوفل، ٢٠١٨، ٧٢-٧٤).

فێربونی بانکی یاخود پەروەردەی بانکی، بەو تێگەیشتنە هەڵەیە دەستپێدەکات کە مرۆڤەکان وەک کاڵا دەبینێت. بۆیە ناتوانێت پشتیوانی لەو گەشەسەندنە بکات کە ئێریک فرۆم ناویدەنێت 'ژیاندۆستی'، بە بۆچونی فرێری لەجیاتی 'ژیاندۆستی'، 'مەرگدۆستی' بەرهەم دەهێنێت. پەروەردە یان فێرکردنی بانکی، کە لە بەرژەوەندی ستەمکارەو چەوسێنەر دەپارێزێت، ئەمیش بەهەمان شێوە مەرگدۆستە، فێرکردنی بانکی ڕوانگەو دیدگایەکی ئامێری و بەستەڵەکی هەیە هۆشی فێرخواز دەگۆڕێت بۆ ئامێرێکی وەرگر. پاڵ بەخەڵکەوە دەنێت بگونجێن لەگەڵ جیهاندا و توانستە داهێنەر و بونیادنەرەکانیان توشی کەموکورتی و پەککەوتن دەکات (فرێری، ٢٠١٥، ١٢٠-١٢١). ئەم شێوازی پەروەردەیە لەسەر

میتۆدی میکانیکی دامەزراوە، چونکە پەیوەستە بە شێواز و ڕۆڵی فێرخوازکە وەک وەرگری زانیاری پێناسەی دەکات. پەروەردە دەبێتە جۆرێک لە وەبەرهێنان کە فێرخوازان دەبنە بانک لەم شێوازی پەروەردەکردنەدا مامۆستاکان تێیدا یاری دەکەن ڕۆڵی وەبەرهێنەران دەبینن، مامۆستا چیتر ئامرازێکی زانیاری و پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو سەرچاوەی داتا و وەبەرهێنەرێکە کە فێرخوازان چاوەڕێی دەکەن (حبیبة، ٢٠١٩، ٦٨).

فرێری بۆیە دەستەواژەی پەروەردەی بانکی بەکارهێناوە، چونکە بە پرۆسەی بانکی دەچوێنێت وەک ئەوەی کە لە بانکەکاندا ڕودەدات، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پارە دادەنرێت و وەریدەگرێتەوە مامۆستا ئەو زانیاریانە دەخاتە مێشکی فێرخوازەوە، پاشان لە کاتژمێری تاقیکردنەوەکەدا وەریدەگرێتەوەو خوێندکارەکە وەک خۆی لەبەری دەکات (حبیبة، ٢٠١٩: ٦٩). فرێر پێیوایە، پەروەردەی بانکی کە تیایدا فێرخوازدەگۆڕێت بۆ بانک کە مامۆستاکان زانیاریەکانیان تێدا دادەنێن، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکی ستەمکارییە، و ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهێنەری فێرخوازان یان بە تەواوی نەهێشتنی، بۆ ئەوەی خزمەت بە ئامانجەکانی ستەمکاران بکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕاستییەکانی زانست لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە نەخاتە ڕو، بەڵکو فێرخوازان لەگەڵ واقیعی خۆیاندا بگونجێنێت (شکور ٢٠١٧، ٤٣).

ئەم جۆرە لە پەروەردە فرێری ناوی لێنا 'کلتوری بێدەنگی' یان پەروەردەی بانکی، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: دۆخێکی نامرۆڤانەیە کە تێیدا ستەمکار کە نوێنەرایەتی کەمینە دەکات، هەوڵدەدات ستەملێکراوان دور لە مرۆڤایەتی بخاتەوە یان بە بابەتی بکات، لە ڕێگەی هەمو شێوازەکانی ستەم و توندوتیژی و نەبونی عەقڵەوە. داگیرکاری کولتوری، زاڵبونی ئابوری و وەستان لە دژی هەر هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری. (حبیبة ٢٠١٩: ٦٩)

فرێری لە بەشی دوەمی کتێبی پێداگۆجی ستەملێکراواندا دەڵێت کە پەروەردە بەدەست نەخۆشی گێڕانەوەوە دەناڵێنێت. چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی قوتابخانە، مامۆستا بابەتەکە بۆ ئەو فێرخوازانە دەگێڕێتەوە کە چاوەڕوان دەکرێت بە شێوەیەکی ناچالاک وەریبگرن، ئەزبەری بکەن و (ئەگەر داوایان لێکرا) ناوەڕۆکی گێڕانەوەکە دوبارە بکەنەوە. ئەمە بنەمای مۆدێلی 'بانکی' پەروەردەیە: مامۆستایان بیرۆکەکان دەخەنە ناو فێرخوازانەوە کە دەبنە گیرفان یان 'کۆگا' چاوەڕێی پڕکردنەوەن لەو زانیارییەی کە گریمانە دەکرێت مامۆستا خاوەنی بێت. لە سیستەمی بانکیدا، زانین وەک 'دیارییەک' دادەنرێت کە لەلایەن مامۆستایانەوە بدرێت بە خوێندکارە بێدەنگ و ئارام گرتو نەزانەکان (Roberts,2015:296). بە بۆچونی فرێری ئەوانەی میتۆدی 'بانکی' بەکاردەهێنن و قبوڵیانە، سەرفراز نابن لە پەیبردن و دۆزینەوەی ئەو نهێنییەی کە 'تیادانان یان سپاردن'ە لە پەیوەندیدا بە واقیعەوە. میتۆدێکی پڕ لە ناکۆکییە، چونکە زۆرێک لە 'فەرمانبەرانی بانک' واتا مامۆستاکان، بە خۆیان نازانن کە ئەوەی دەیکەن تەنیا ڕوتکردنەوە و داماڵینی فێرخوازانە لە مرۆڤبون (فرێری، ٢٠١٥، ١١٥).

لێرەدا فێرخوازان وەک بونەوەرێکی گونجاو و بەڕێوەبەر سەیر دەکرێت، ئەمشێوازی میتۆدە لە بنەڕەتدا دژە دیالۆگە و بەشێوەیەکی سیستماتیکی ڕێگری دەکات لە پەرەپێدانی ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە بەرەو جیهان. فێرخوازان وەک 'ئۆتۆماتیکی' ڕەزامەند مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوە و کرداردا کۆنترۆڵ بکرێن. لێرەدا مامۆستا ڕۆڵێکی پاوانخوازانە دەگرێتە ئەستۆ و واقیعی کۆمەڵایەتی بێ بایەخ دەکرێت. بە بڕوای فرێری پەروەردەی بانکی ڕەنگدانەوەی نایەکسانی و نادادپەروەری فراوانتر و بەهێزتر دەکات و بەردەوامی پێدەدات، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی

ستەمکاران دەکات 'کە نە گرنگی بە ئاشکراکردنی جیهان دەدەن و نە گرنگی بە گۆڕینی. فێرکردنی بانکی هەریە لە داهێنان و بیرۆکەی ڕەخنەگرانە، کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی پێکهاتە ستەمکارەکان دەخنکێنێت، سنورێکی کرداری بۆ ڕزگارکەر دروست دەکات. بەم پێیە هەمو سیستەمەکە لە ڕوانگەی فرێری بە تەواوی دورە لە مرۆڤایەتی (Roberts, 2015: 296)

## فێرکردنی بانکی:

- مامۆستا فێردەکات، فێرخوازش فێردەبێت.
- مامۆستا هەمەشتزانە و فێرخواز هیچ نەزان.
- مامۆستا بیردەکاتەوە، فێرخواز بیری پێ دەکرێتەوە.
- مامۆستا قسەکارە و فێرخواز گوێگرێکی ملکەچ.
- مامۆستا ئامۆژگاری دەکات، فێرخواز ئامۆژگاری وەردەگرێت.
- مامۆستا هەڵدەبژێرێت و بژاردەکانیشی دەسەپێنێت، فێرخوازش ئەکتەرە و بژاردەکانی مامۆستا لەسەر شانۆی قوتابخانە و بەپێی میتۆدی 'بانکی' نمایش دەکاتەوە.
- مامۆستا چاپوک و چالاکە، فێرخوازش بە خەیاڵ ولە میانەی مامۆستاوە کاردەکات.
- مامۆستا ناوەرۆکی بەرنامەکان هەڵدەبژێرێت 'بێ ئەوەی لەگەڵ فێرخوازدا دیالۆگیان لەسەر بکات'، فێرخوازش دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو ناوەرۆکانەدا بگونجێنێت.
- مامۆستا دەسەڵاتی مەعریفە و دەسەڵاتی پیشەیی تێکەڵدەکات و بە پێچەوانەی ئازادی فێرخواز دەیانخاتەڕو.
- لە پرۆسێسی فێربوندا، مامۆستا 'خود'ە؛ واتە 'بکەرە'، بەڵام فێرخواز تەنیا 'کاڵا'یە؛ واتە 'بەرکارە' (فرێری، ٢٠١٥، ١١١-١١٢).

فرێری بە وریاییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەخنەکانی لە پەروەردەی پاوانخوازانە ئاراستەی تاکی مامۆستا نییە؛ بەڵکو خەمی ئەو لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی بانکی و ئەو هەڵوێستانەی کە بنەمای ئەو پەروەردەیە و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە فراوانترانەیە کە تێیدا گیرۆدە بوە (Roberts 2015: 304).

سیستەمی فێربونی بانکی لە ناخیدا هەڵگری ئەو گریمانەیە کە هەمو جیهان لە 'یەکەیەک'دا دەبینێتەوە، وا لە مرۆڤ دەڕوانێت کە لە ناو ئەم یەکەیەدایە نەک لەگەڵیدا، هەروەها وایشی دەبینێت کە لە ناو کەسەکانی تردایە نەک لەگەڵیاندا. مرۆڤ، توانای هیچ داهێنان و هێنانە بونێکی نییە، چونکە بەپێی تێڕوانینی فێربونی 'بانکی' بەتاڵە و هیچ نەزانە و پێویستە گوێی بکاتەوە بۆ وەرگرتنی زانین و فێربون. لەم ڕوانگەوە، بیر و پەروەردەکەی ئەو بیرکردنەوەیە کە فێرخواز لە هەر بوارێکدا پێویستە گوێی بۆ مامۆستا بکاتەوە، دەسەڵاتی گفتوگۆی تێدا نییە، بەڵکو پێویستە فێرخواز گوێی بۆ شل بکات و بیڵێتەوە. بەم جۆرە، لە لایەن مامۆستاو پرۆسەی پەروەردەی 'بانکی' کە پاولۆ فریری ناوی ناوە بیرکردنی 'بانکی'، پێویستە لە پەیوەندییەکی دەسەڵاتداری و بڵندگۆیەوە بگاتە فێرخواز و فێرخواز پێی 'گۆش' دەکرێت: دەسەڵاتی مشتومڕی تێدا نییە (تەنانەت ئەگەر هەڵەیش بکات کە بێگومان دەیکات)، ڕێی بەڕوژاندن و بەرپەرچدانەوەی نادرێت، ئەم پەیوەندییە نائەقڵانییە، تیروانینێکی سۆزداری و سەردانەواندن بۆ جیهانی ستەمکار و زۆردار دروست دەکات (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٠٢).

ناوەندی پێداگۆجی فرێری چەمکی دیالۆگە.  ئەو داکۆکی لە پەیوەندییەکی بەرامبەر دەکات لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازان، پێیوایەکە هەردو لایەن بەشداری پرۆسەی فێربون و فێرکردن دەکەن.  دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و ئەزمون و زانیاری بەرەوپێش دەبات، ڕێگە بە فێرخوازان دەدات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە واقیعەکانی خۆیان بکەنەوە و ڕێگەی نوێی تێگەیشتن لە جیهان بکۆڵنەوە.  لە ڕێگەی دیالۆگەوە، فێرخوازان هاندەدرێن بۆ پرسیارکردن و مەیدانداری کردن پێکهاتە و گریمانە ستەمکارەکان(Mandal 2023: 4).

دیالۆگی ڕاستەقینە بریتییە لە پێکەوەکارکردنی هاوبەش، کە تێیدا بیرکردنەوە و کرداری بەشداربوان یەکدەگرن بۆ گۆڕینی جیهان و بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی. ئەمە هەرگیز ناتوانێت پرۆسەیەک بێت کە کەسێک بیروباوەڕەکانی بسەپێنێت بەسەر کەسێکی تردا. ئەم پەیوەندییە دیالۆگیە زۆر قوڵترە لە گۆڕینەوەیەکی سادەی بیرۆکەکان کە تەنها وەک ئامرازێک "بەکاربهێنرێن." دیالۆگی ڕاستەقینە لە چەمکی دەسەڵات و زاڵبون دورە، ئەوە نە ئامرازێکە بۆ باڵادەستی، نە مەیدانێکە بۆ ململانێی سەرکەوتن بەسەر یەکتردا (SHIH, 2011: 2) . یاخود دیالۆگی ڕاستەقینە پێویستی بە خاکی بون و بڕوابونە بە توانای مرۆڤ. کەسانێک کە خاکی نین، ناتوانن پەیوەندی ڕاستەقینە دروست بکەن و خەڵک بەشداری پێبکەن. لە دیالۆگدا، هەمو کەسەکان چ زانا، چ نەزان یەکسانن و پێکەوە لەسەر بنەمای خۆشەویستی کار دەکەن بۆ گۆڕینی جیهان بۆ بەرژەوەندی گشتی. بە بڕوای فرێری دیالۆگ پێویستی بە بڕوای قوڵە بە توانای مرۆڤ بۆ دروستکردن و نوێکردنەوە. ئەم بڕوابونە بە مرۆڤ مافی سروشتی هەموانە، نەک تەنها دەستەبژێرێک. کەسی دیالۆگکار دەبێت پێشوەخت بڕوای بە کەسانی بەرامبەر هەبێت (فرێری، ٢٠١٥، ١٤٧).

فرێری پێیوایە مرۆڤ هەرکاتێک خۆی لە کەشێکی دیالۆگدا ببینێتەوە، دەتوانێت هەستی بەشداریکردنی خۆی لە ژیانی گشتیدا پەرەپێبدات، چونکە هەڵسوکەوتی دیالۆگی پێویستی بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. لە بواری پەروەردەدا مامۆستا پابەندە بە بنیاتنانی زانیاری لەگەڵ فێرخوازان لە ڕێگەی دیالۆگی بەردەوامەوە.  چونکە ناتوانێت زانست بگوازێتەوە لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆنترۆڵکردن،  ئەگەر لەڕێگەی دیالۆگەوە نەبێت (علی، ٢٠١٩، ٣٤). هەروەها دیالۆگ وەک پرۆسەیەکی مرۆڤانە، مافی ئەوە بە ستەملێکراوان دەبەخشێت کە دەنگی خۆیان بگەیەنن و دژ بە ستەمکاریی نامرۆڤانە بوەستنەوە. ئەم پرۆسەیە پشت بە بنەمای ڕەوشتی وەک خۆشەویستی و متمانە دەبەستێت، کە ئامانجیان سەرکەوتنی دیالۆگ و تێگەیشتنی یەکتری دەبێت. پێکهاتەی دیالۆگ لەسەر بنچینەی هاوبەشکردنی نیگەرانی، پرسیار و کێشەکانی ژیان دامەزراوە. ئەمە بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و بێ فێڵ دەبێت، بە جۆرێک کە هەر بەشدارێک بتوانێت بە ئازادی و بە دور لە هەر جۆرە فشارێک قسەی خۆی بکات (حمزة، ٢٠٢١: ٧٦).

بەبڕوای فرێری دیالۆگ بەهایەکی قوڵی هەیە، نەک تەنها لەبەر بابەتەکانی، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشداربوان تێیدا تەنها هەوڵی پاراستنی ناسنامەی خۆیان نادەن، بەڵکو بەهێزیشی دەکەن و پێکەوە گەشە دەکەن. لەبەر ئەمە، دیالۆگی ڕاستەقینە کەس نادات بە دەستەوە یان کەس کورت ناکاتەوە. لای ئەو دیالۆگ چاکەیەک نییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەڵکو بەهایەکە کە هاوبەش دەکرێت. واتای ڕێزگرتنی ڕاستەقینەیە لەلایەن ئەو کەسانەی بەشدارن تێیدا، ڕێزێک کە دەسەڵاتخوازی و بەکەلوپەلکردن لەناوی دەبەن. هەروەها ڕێگەپێدانی زۆریش بە هەمان شێوە زیانبەخشە، هەرچەندە بە شێوازێکی جیاوازیش بێت. بەبۆچونی لە "خۆبەخۆگەرایی"دا، دیالۆگ لە تواناکانی مامۆستادا نییە. بەڵام پەیوەندییەکی دیالۆگی ڕەتی کردەی فێرکردن ناکاتەوە. بەڵکو، ئەم پەیوەندییە بناغەی فێرکردن دروست دەکات و کردەی فێربون تەواو دەکات  (FREIRE, 1994, 117).

## باسی سێهەم: پەروەردەی ڕەخنەگرانەی (پێداگۆجی ڕەخنەگرانە).

پاولۆ فرێری لە جیاتی پەروەردەی کلاسیک 'بانکی' کە پاڵپشتی ستەم دەکات، چەمکێکی نوێی پەروەردە پێشنیار دەکات کە داوای ئازادی دەکات، ئەویش بریتییە لە 'پەروەردەی ڕەخنەگرانەی'. لەم شیوازە پەروەردەدا، فێرخوازان و مامۆستایان بە هاوبەشی بەشداری گفتوگۆ دەکەن، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە پرسە جیهانییە ڕاستەقینەکان دەکەنەوەو هاوبەشی بنیاتنانی زانین. ئەم شێوازە هاندەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیەو بەهێزکردن و گۆڕینی کۆمەڵایەتییە، هەروەها ناساندنی فێرخوازانە وەک بەشداربویەکی چالاک لە پرۆسەی فێربونی خۆیاندا. لەلایەکی ترەوە دژایەتی پێکهاتە ستەمکارەکان لە پەروەردەدا دەکات و ئەزمونێکی فێرکاری دیموکراسیتر و بەرەوپێش دەبات. شێوازی پەروەردەی ڕەخنەگرانە پەیوەستە بە جەوهەری هۆشیارییەوە لەبری پرۆسەکانی گواستنەوەی زانیاری لە پەروەردەی نەریتی (بانکی)دا، لێرەدا پەروەردە وەک پرۆسەیەکی ئازادکار پشت بە پرۆسەی زانینی ڕاستەقینە دەبەستێت کە فێرخوازان بە شێوازێکی چالاکانە و ئەرێنی تێیدا بەشدار دەبن، نەک وەک وەرگری بێدەنگ بۆ زانیارییە ئامادەکراوەکان.

ئەم میتۆدە کە پاولۆ فرێری ناویناوە 'ڕەخنەگرانەی' لەسەر چەمکی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی لەگەڵ جیهاندا دامەزراوە، کە جیاوازە لەو چەمکەی کە پەروەردەی بانکی لەسەری بنیات نراوە، وەک چۆن پەروەردە وەک پراکتیکێکی ئازادی نکۆڵی لەوە دەکات کە مرۆڤ بونێکی ئەبستراکت و سەربەخۆیە نەک پەیوەستە بە جیهانەوە، هەروەها نکۆڵی ئەوە دەکات کە جیهان وەک واقیعێکی جیاواز لە مرۆڤ بونی هەبێت یان جیهانێک بەبێ مرۆڤەکان (نوفل، ٢٠١٨، ٧٤).

فرێری پەروەردەی ڕەخنەگرانەی لەگەڵ مۆدێلی بانکی بەراورد کرد. لە پەروەردەی ڕەخنەگرانەیدا، فێرخوازان چالاکانە بەشداری لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکەن، پرسیار دەخەنە ڕو و بە شێوەیەکی هاوبەش بۆ چارەسەرەکان دەگەڕێن. ئەم پرۆسەیە هانی فێرخوازان دەدات کە جیهانی دەوروبەریان بخەنە ژێر پرسیارەوەو پەرە بە تواناکانی شیکاری و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن، ئەمەش وایان لێدەکات ببنە بریکاری گۆڕانکاری (Mandal,2023: 3). پەروەردە بە خستنەڕوی کێشەکان بریتییە لە ئاشکراکردنی بەردەوامی ڕاستی ژیان. فێرخوازەکان بەردەوام کێشەکانی پەیوەست بە ژیانی خۆیان و جیهان دەخەنە ڕو بەم شێوەیەش، فێرخوازان هەست بە مەیدانداری بەردەوام و ئارەزوی ڕوبەڕوبونەوە و تێپەڕاندنی ئەم مەیدانداریە دەکەن هەستی نامۆبون و جیابونەوەی پەروەردە لە واقیع نامێنێت (نوفل، ٢٠١٨، ٧٦).

پاولۆ فرێری بە پراکتیکێکی پەروەردەیی ڕەخنەگرانە دەیگوت کە کردەی وانەوتنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فێربونەوە هەیە؛ لە بارودۆخی فێربونی ڕاستەقینەدا، فێرخوازان دەگۆڕدرێن بۆ بابەتەکانی ڕاستەقینەی بنیاتنانەوەی زانستی فێرکردن، شانبەشانی مامۆستا، هەروەها بابەتی پرۆسەکە. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین بەڕاستی باس لە زانینی فێرکراو بکەین، کە تێیدا ئەو بابەتەی فێر دەکرێت لە هۆکاری بونەکەیدا فێردەبێت و، هەربۆیە لەلایەن فێرخوازانەوە فێردەبێت (Julião, 2011: 9).

لەپێداگۆجی ڕەخنەگرانەیدا کاتێک مامۆستایان بە ڕاستی پەیڕەوی لە بنەماکانی دیموکراسی دەکەن و دەیانەوێ کەلێنی نێوان قسەکانیان و کردارەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا کەم بکەنەوە، ئەوا دەتوانن ئەزمونێکی سەخت بەڵام بەهادار و چێژبەخش لەگەڵ فێرخوازان بەدەست بهێنن. بۆیە مامۆستایان دەزانن کە دیالۆگی ڕاستەقینە تەنها لەسەر وانەکان نییە،

بەڵکو دەربارەی ژیانە. فرێری پێیوایە  ئەم جۆرە دیالۆگە کەشێکی کراوە و ئازاد بۆ فێربون دروست دەکات نەک لەبەرئەوەی ڕاستییەکان دەسەلمێنێت یان وانەوتنەوە باشتر دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژینگەیەکی تەندروست بۆ فێربون دەرەخسێنێت. بۆیە بۆ مامۆستایانی دیموکرات، گفتوگۆکردن لەگەڵ فێرخوازان چالاکییەکی ئەرێنی و بەهادارە؛ چونکە بەم شێوەیە یارمەتی پەروەردەکردنی تاکی بەرپرس و ڕەخنەگر دەدەن کە کۆمەڵگە پێویستی پێیانە و بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی زۆر گرنگن (فریری, ٢٠٠٤, ١٣٩-١٤٠) .

سیستەمی فێرکردنی ڕەخنەگرانە جیاوازە لە سیستەمی فێرکردنی بانکی. لەم سیستەمەدا، پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز پەیوەندییەکی دوانەییە، هەردولا لەیەکتر فێردەبن. لێرەدا چیتر مامۆستا تەنها وانەبێژ نییە و فێرخوازش تەنها وەرگر. لەجیاتی ئەوە، چەمکێکی نوێ سەرهەڵدەدات کە تێیدا هەردولا هەم فێرکەرەو هەم فێرخواز. ئەم مۆدێلە نوێیە پشت بە دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی زانیاری دەبەستێت. لەم ڕێگەیەوە، هەردو لایەن دەتوانن ڕۆڵی یەکتر ببینن و ئەزمونی یەکتر تێبگەن. لە دیدی فرێریدا، ئەم شێوازە نوێیە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕزگاربون لە کۆت و بەندەکانی سیستەمی کۆن و بەرەو ئازادی و گەشەسەندنی زیاتر هەنگاو بنێت (فرێری، ٢٠١٥، ١٢٧). شێوازی خستنەڕوی کێشەکان دابڕان لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا لەناو دەبات، مامۆستا نابێتە ئەو کەسەی کە وانە دەڵێتەوە، بەڵکو ئەو کەسەش دەبێت کە لە کاتی گفتوگۆیدا لەگەڵ فێرخوازان فێردەبێت، و ئەوانیش لە بەرامبەردا لەو کاتەی فێردەبن وانە دەڵێنەوە، کە واتە، مامۆستا و فێرخوازان بەشداری لە پرۆسەیەکدا دەکەن کە هەمویان تێیدا گەشە دەکەن (نوفل، ٢٠١٨، ٧٥).

پەروەردەی ڕەخنەگرانە، ڕێگایەکە بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەی مرۆڤبون. لەم جۆرە پەروەردەیەدا، فێرخوازوەک بونەوەرێکی داهێنەر و خاوەن توانای تایبەت سەیر دەکرێت، نەک تەنها وەک وەرگرێکی چەقبەستو. لێرەدا مامۆستا ڕۆڵی چەوسێنەر نابینێت، بەڵکو هاوکار و ڕێنیشاندەرە. ئەم شێوازە نوێیە لەسەر بنەمای ڕەخنەگرانەی کار دەکات واتە فێرخوازان فێر دەبن چۆن:

- بیر لە واقیعی خۆیان بکەنەوە.
- پرسیاری قوڵ دەربارەی جیهان بکەن.
- کێشەکانی دەوروبەریان بناسن.
- بە ئازادی و وشیارییەوە هەڵوێست وەربگرن.

ئامانجی سەرەکی ئەم پەروەردەیە ڕزگارکردنی مرۆڤە لەو کۆت و بەندانەی کە ڕێگرن لە گەشەکردنی مرۆڤایەتی. ئەمەش تەنها لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو دژایەتی و بەربەستانەوە دەبێت کە ڕێگرن لە بەدەستهێنانی ئازادی ڕاستەقینە (حبیبة، ٢٠١٩: ٧٦).

پەروەردەی ڕەخنەگرانە شێوازێکی نوێی فێرکردنە کە تێیدا ڕۆڵی مامۆستا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت. لە فێرکردنی بانکی-دا، مامۆستا دو ئەرکی سەرەکی هەبو: سەرەتا کۆکردنەوەی زانیاری لە کتێبخانە و تاقیگە، پاشان گواستنەوەی ئەو زانیاریانە بۆ فێرخوازان لە پۆلدا. بەڵام لەم شێوازە نوێیەدا، ئەم دابەشکردنە دوانەییە نامێنێت. لە پەروەردەی ڕەخنەگرانەدا، مامۆستا خۆی بەشێکە لە پرۆسەی فێربون و بەردەوام لە حاڵەتی فێربوندایە، چ لە کاتی ئامادەکردنی وانەکان بێت یان لە کاتی وانە وتنەوەدا. زانیاری چیتر شتێک نییە کە تەنها مامۆستا خاوەنی بێت و بیگوازێتەوە، بەڵکو دەبێتە بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامانی هاوبەش لە نێوان مامۆستا و فێرخوازاندا . لەم شێوازەدا، پۆل دەبێتە شوێنی

گفتوگۆ و بیرکردنەوەی قوڵ. مامۆستا زانیارییەکان پێشکەش دەکات نەک وەک ڕاستی ڕەها، بەڵکو وەک بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ. هەروەها مامۆستا خۆیشی بەردەوام لە پرۆسەی پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی بیرو بۆچونەکانی خۆیدایە لەژێر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ فێرخوازاندا ئەنجامی دەدات (نوفل، ٢٠١٨، ٧٥). پەروەردەی ڕەخنەگرانە، بە پێچەوانەی فێربونی بانکی، کە توانای بونیادنان و داهێنان سەرکوت دەکات و بەربەست لە بەردەمیدا دروست دەکات، ئەو کێشەو بابەتەکان دەخاتە ڕو، فرێری ئاماژە بەوەدەکات کە یەکەمیان واتە پەروەرەکردنی بانکی هەوڵدەدات هۆشیاری 'بخنکێنێت' و بیسڕێتەوە، بەڵام دوەم بە دەستێوەردانێکی ڕەخنەگرانەی واقیعەکە هەوڵدەدات گەشە و باڵایی بە هۆش بدات. فێرخوازان بە زیادبونی بەرەنگاربونەوەیان لەگەڵ کێشە و بابەتە پەیوەندیدارەکانی جیهان، هەست دەکەن جیهان زیاتر بەرەنگاریان دەبێتەوە. ئەمەش وەک بابەتێکی تیۆری نا، بەڵکو ئەنجامێکی حەتمیی تێگەیشتن و زانیارییەکانیانە وایان لێ دەکات زیاتر ڕەخنەگر بن و کەمتریش نامۆ بن. فرێری پێیوایە کە بەرەنگاربونەوەی هەمو ڕوبەڕوبونەوەیەکیش، ڕوبەڕوبونەوەیەکی نوێیان بۆ دێنێتە ئاراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنی نوێیان بۆ بێتە ئاراوە. لە ئەنجامدا فێرخوازان وردە وردە ڕوانگەی پەیوەستبون بە خودی خۆیانەوە دەردەکەن (فرێری، ٢٠١٥، ١٣٠).

لە کۆتاییدا، پەروەردە بە هێنانە ئارای کێشە، پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە و ئایندەگەرایە کە لەگەڵ سروشتی مێژویی مرۆڤدا یەکدەگرێتەوە، و جەخت لەسەر پێشکەوتن و ئاواتەکانی بۆ پێشەوە دەکاتەوە، چەقبەستویی نوێنەرایەتی مەترسییەکی کوشندە دەکات بۆ مرۆڤ، پەروەردەی ڕەخنەگرانە تەنها ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی بون و بنیاتنانی داهاتو، ئەوە پەروەردەیە ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بە تەواوی مرۆڤایەتی خۆی بگات و ئەمەش بە گۆشەگیری یان بە شێوەیەکی تاکەکەسی ڕونادات، بەڵکو بە گروپێکی یەکگرتو، لەسەر بنەمایەک کە کەسی کۆیلە دەبێت خەبات بۆ ئازادی خۆی بکات (نوفل، ٢٠١٨، ٧٧).

### باسی چوارەم: پێگەی مامۆستا لە پەروەردەی پاولۆ فرێری-دا.

پاولۆ فرێری پێیوایە، مامۆستایەتی پەیوەندی بە بانگەوازی ئایینی یان فەرمانێکی ئاسمانیی نییە. بەڵکو، مامۆستا پیشەوەرێکە کە بەردەوام هەوڵ دەدات پەرە بە خۆی بدات و کۆمەڵێک بەها و لێهاتوی گەشە پێ بدات، ئەو سیفەتانەش هەر لە خۆڕایی نایەنە بون، بەڵکو پێویستە بە ماندوبون دروست بکرێن. توانای نوێبونەوەی ڕۆژانە زۆر گرنگە چونکە ڕێگری دەکات لەوەی بکەوینە ناو دۆخێک کە فرێری ناوی ناوە "بیرۆکراتیزەکردنی دەرون (Freire, 1985, 15).

فرێری پێداگری لەوە دەکات کە ڕۆڵی مامۆستا نابێت کەم بکرێتەوە بۆ تەنها "ئاسانکار". لە دیدی ئەودا، مامۆستای ڕاستەقینە بەشداربویەکی چالاکە لە پرۆسەی فێرکردندا، نەک تەنها چاودێرێک. ئەو پێیوایە باشترە چەمکی "مامۆستا" بپارێزین بەڵام پێناسەکەی نوێ بکەینەوە، دور لە شێوازی کۆنی بانکی (کە تیایدا مامۆستا تەنها زانیاری دەگوازێتەوە) و بەرەو مۆدێلێکی دیالۆگی کە تیایدا مامۆستا و فێرخواز پێکەوە فێر دەبن(Roberts, 2015: 300). پێویستە مامۆستایان هەمو ڕۆژێک هۆشیار بن کە بۆ فێربون دێنە قوتابخانە نەک تەنها بۆ وانەوتنەوە. بەم شێوەیە ئەوان تەنها مامۆستا نین بەڵکو فێرخوازی مامۆستان. مەحاڵە بەبێ فێربون وانە بڵێیتەوە هەروەها ناتواین فێربون و وانەوتنەوە لەیەک جیا بکەینەوە (Freire,1985, 16). مامۆستا، ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی فێرخوازاندا دەگێڕێت. ڕۆژانە کار لەگەڵ کەسانێک لە

تەمەنی جیاوازدا دەکەن وەک، منداڵ، هەرزەکارو گەورەساڵ و کاریگەریان لەسەر گەشەی ئەوان هەیە. دەکرێت یارمەتیدەر بن لە گەشەکردنیان، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت ببنە بەربەست. ئەوان بەشێکن لە گەشتی ژیانی فێرخوازان. ئەگەر ئامادەکاریان کەم بێت، شارەزاییان نەبێت، یان بەرپرسیارێتی هەڵنەگرن، دەکرێت ڕێگربن لە پێشکەوتنی خوێندکارەکان. بەڵام کاتێک بەرپرسیارێتی وەردەگرن، پڕچەک دەبن بە زانست، خۆشەویستیان هەیە بۆ فێرکردن، و نمونەی چاک دەبن لە خەباتکردن بۆ دادپەروەری، ئەوا هاوکاری گەشەی ڕاستەقینەیان دەکەن (فریری، ٢٠٠٤، ٨٩). کەواتە فێرکردن ئەو پرۆسەیەیە کە مامۆستا هەوڵدەدات لە ڕێگەیەوە شتەکان باشتر فێربێت بۆ ئەوەی بتوانێت فێرخوازان هان بدات ڕێگای تێگەیشتنی ئەوانیش بدۆزنەوە. فێرکردن کارێکی داهێنەرانەیە، نەک کارێکی میکانیکی. لەکۆتاییدا، مامۆستا و فێرخوازان پێکەوە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوندا حەزو ئارەزوی زانین دەنوێنن (FREIRE, 1994, 81).

سروشتی کەسایەتی مامۆستا چ بەهێز بێت یان لاواز، گەرم و گوڕ یان ساردوسڕ، جددی یان خۆشحاڵ هەمیشە کاریگەری لەسەر فێرخوازان جێدەهێڵێت. لێرەدا دەردەکەوێت چەند گرنگە مامۆستا نمونەیەکی باش بێت، چ لە ڕونکردنەوەی ئەرکەکان و چ لە تێگەیشتن لە مافەکان و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی . ئەرکی سەرەکی مامۆستا فێرکردنە. بەڵام بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، چەند پێداویستییەکی بنەڕەتی پێویستە: پاکوخاوێنی، ژینگەیەکی فیزیکی گونجاو، و شوێنێکی جوان. ئەگەر ئەم پێداویستییانە دابین نەکرێن، پرۆسەی فێرکردن بەرەو خراپی دەڕوات. لە هەندێک بارودۆخدا، نەبونی ئەم پێداویستییانە وادەکات کە فێرکردن نەگونجاو بێت. بە بۆچونی فریری ئەمەش ستەمێکە بەرامبەر بە مامۆستایان، فێرخوازان و هونەری فێرکردن بەگشتی (FREIRE, 1998, 76).

مامۆستایان پێویستە باوەڕێکی چڕیان بە فێرخوازەکانیان هەبێت، واتە باوەڕیان بە پیشەکەیان هەبێت بۆ ئەوەی بە تەواوی مرۆڤ بن. هەروەها دیالۆگ پێویستی بە باوەڕێکی بەهێزە بە مرۆڤایەتی، باوەڕبون بە توانای دروستکردن و دوبارە داڕشتنەوە و دوبارە دروستکردنەوەیان و باوەڕبون بە مرۆڤەکان مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ گفتوگۆ لە بنەڕەتدا ئامانجی پەروەردە پەروەردەکردنی منداڵانە، کە بەو هۆیەوە زیاتر مرۆڤ دەبن. بەڵام دەبێت مامۆستایان بە قوڵی باوەڕیان بەوە هەبێت کە منداڵەکانیان پیشەیەکی باشتر بەدەست دەهێنن (علی ٢٠١٩، ٦١). بەشداری ڕاستەقینە لە پەروەردەدا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی قوڵە لە هەمو مرۆڤەکان، چونکە گفتوگۆ بەشێکی سروشتی مرۆڤبونە. بە بۆچونی فرێری، مامۆستای باش ڕێگری ناکات لە پرسیارکردن، بەڵکو یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ گەشەپێدانی پرسیاری باشتر. ئەمە مانای وانییە هەمو بیرۆکەیەک بێ ڕەخنە وەربگیرێت، بەڵکو ڕەخنەکان دەبێت ڕێزدار بن نەک وێرانکار، خزمەتی پرۆسەی بەردەوامی گفتوگۆی داهێنەرانە بکەن. مامۆستای ڕزگارکەر بەرپرسیارە لە دروستکردنی کەشێک کە نە ببێتە گۆڕەپانی هێرش و نە ببێتە شوێنی قبوڵکردنی بێ مەرجی هەمو بۆچونەکان. فرێری پەی بەوە بردوە کە هەندێک بیرۆکە لە هەندێکی تر باشترن، بەڵام هەمیشە ئامادەیە کە بۆچونەکانی خۆیشی بخاتە ژێر پرسیارەوە (Roberts, 2015: 303).

مامۆستای ڕاستەقینە ئەوەیە کە تەنها زانیاری ناگوازێتەوە، بەڵکو هەڵگری مەعریفەیەکی قوڵە. فرێری پێیوایە کە فێرکردنی ڕەخنەگرانە پێویستی بە دو توانای سەرەکی هەیە:

- تێگەیشتنێکی قوڵ لە ناوەڕۆکی بابەتەکان.
- توانای ناسینەوەو حەزی فێربونی سروشتی فێرخوازان.

مامۆستای کاریگەر ئەوەیە کە:

- بە وشیارییەوە هەڵەکانی خۆی دەبینێت و لێیان فێر دەبێت.
- خۆسەپاندن لای نییە و نەرم و نیانە لە شێوازاکانی فێرکردندا.
- ئامادەیە پێداچونەوە بە بیروباوەڕەکانی خۆی بکات.
- ڕێز لە پرسیارە نوێیەکانی فێرخوازان دەگرێت، تەنانەت ئەو پرسیارانەی کە پێشتر بیری لێ نەکردونەتەوە.

بەڵام فرێری پێیوایە کە زۆربەی مامۆستایان لە ئەمڕۆدا وەک فەرمانبەر کار دەکەن، تەنها ڕۆتینێکی ڕەق و وشک جێبەجێ دەکەن کە مەبەستیان پڕکردنەوەی مێشکی فێرخوازانە، نەک گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان (فریری، ٢٠٠٤، ٦٣). مامۆستای سەرکەوتو پێویستە دو تایبەتمەندی گرنگی تێدا بێت. یەکەمیان خۆبەگرنگ زانینی دروست، کە لێرەدا مەبەست لێی زانینی سنوری تواناکانی خۆیەتی، پێویستە مامۆستا دانبەوەدابنێ کە ئەویش وەک هەر کەسێکی تر بەردەوام لە پرۆسەی فێربوندایە. ئەم خۆ بەگرنگ زانینە هیچ پەیوەندی بە لوتبەرزییەوە نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە زانست و ئەزمونی خۆی و هی فێرخوازیەکانیش. خاڵی دوەم کە هاوشانی یەکەمە، ئارامگرتن و سەبرە. مامۆستای باش دەبێت توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ جیاوازییەکاندا هەبێت و لە پرۆسەی فێرکردندا لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەقینە و گوێگرتن لە فێرخوازیەکان، سەبوری و ئارامی پیشان بدات (Freire, 1985, 15).

فرێری پێیوایە کەپێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ڕۆڵی مامۆستایەتی وەک پیشەیەکی بیری سەربەخۆ لە ڕۆڵی دایی و بابان. ئەگەرچی هەردوکیان گرنگن، بەڵام مامۆستایەتی نابێت کورت بکرێتەوە بۆ تەنها چاودێریکردنی خۆشەویستانە. لە دیدی پاولۆ فرێریدا ئەم بۆچونە هەڵەیە کە بەتایبەتی لە بەرازیل بۆ ماوەی سێ دەیە باو بوە بەهای پیشەی مامۆستایەتی کەم دەکاتەوە و بەتایبەتی کاریگەری نەرێنی لەسەر مامۆستایانی ژن هەبوە. مامۆستایەتی پیشەیەکی تایبەتە کە پێویستی بە کاری بیری قوڵ و توانای تایبەت هەیە، نەک تەنها سۆز و خۆشەویستی دایی و بابەنە (فریری، ٢٠٠٤، ٤١). مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناوەڕۆکی ئەو بیرکردنەوانەی کە بە مێشکی فێرخوازاندا تێدەپەڕێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی. مامۆستا وەک ئەو سیاسەتمەدارانە وان کە بەرەنگاریی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە بە تەواوی سەرسەختە، بە فێرخوازو خودی مامۆستاشەوە. بۆیە پێویستە لەگەڵ فێرخوازان بەشدار بن لە گفتوگۆی سیاسی و هۆشیاری ڕەخنەیی بۆ بنیاتنانی دیدێکی دیموکراسی، وەک چۆن فێرخوازان لە ڕەفتاری دیموکراسی و هۆشیاری ڕەخنەگرانەدا لاسایی مامۆستاکانی خۆیان دەکەنەوە. فرێری جەخت لەوە دەکاتەوە کە مامۆستایان دەبێت لە دڵەوە خوێندکارەکانیان خۆشبوێت، هەروەها پیشەی مامۆستایی؛ هەر ئەم خۆشەویستییەیە کە وایان لێدەکات بەرگری لە مافی فێرخوازان بکەن بۆ پێکهێنانی بۆچونەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆی بەردەوام و هۆشیاری ڕەخنەگرانەوە (عرار، ٢٠٠٩: ٤١). لە هەمانکاتدا پێویستە مامۆستایانی پێشکەوتنخواز هەڵسوکەوتی ڕاست بگرنەبەر لە هەردو بارودۆخدا: نە ڕق و کینەیان بەرامبەر فێرخوازیە دەوڵەمەندەکانی قوتابخانە ئەهلییەکان هەبێت، نە بە چاوێکی نزم سەیری فێرخوازیە هەژارەکانی قوتابخانە حکومییەکان بکەن. مامۆستا پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی مرۆڤیدا کار بکات (فریری، ٢٠٠٤، ١٥١).

"یەکێک لە گرنگترینی ئەو کردارانە کە ڕۆڵی مامۆستایە لە کەمکردنەوەی هەمو نەخۆشیەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەو هۆکارە بەربڵاوانەی دڕندەیی و نادادپەروەری کە دەبنە هۆی نەهامەتی مرۆڤەکان و کە لە زۆر ڕوەوە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئەو فێرخوازانە هەیە کە وانەیان پێدەڵێنەوە" (فریری ٢٠٠٤، ٤٢).

ئەرکی ئەخلاقی مامۆستایان سنوردار نییە بە توانای زانستی، بەڵکو پێویستە ڕەهەندی قوڵی ئەخلاقی و میراتی مێژوویی لەخۆ بگرێت. ئامادەکردنی پیشەیی مامۆستایان نابێت تەنها لە فێرکردنی تەکنیکی کورت بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە بەرەو گەشەپێدانی کەسایەتی و بەهاکانیان پەل بهاوێت. ئەم بەرهەڵستکارییە ئەخلاقییە ناتوانێت خۆی بە یاساکانی بازاڕو لۆژیکی قازانجەوە پابەند بکات، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای ئەخلاقێکی مرۆیی فراوان دابمەزرێت کە ئازایەتی ئەوەی هەبێت بەرەنگاری چەوساندنەوە و شێواندنی حەقیقەت ببێتەوە. مامۆستایان، وەک بەرپرسیارانی پەروەردەو فێرکردن، ئەرکیانە نەک تەنیا زانست بگوازنەوە، بەڵکو ڕۆڵی پێشەنگیش ببینن لە بەرگریکردن لە بەها مرۆییەکان و پێویستە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەخلاقی پیشان بدەن کە لە بەرژەوەندی بازرگانی سەروترە و لە بەرەنگاربونەوەی ناڕاستی و ناعەدالەتی ناسڵەمێتەوە (FREIRE, 1998, 45).

مامۆستایان تەنها زانیاری ناگوازنەوە، بەڵکو لە ڕێگەی زاراوەو شێوازی خۆیانەوە، ئەو زانیارییە دوبارە دادەڕێژنەوە. ئەوان لە سنوری تێگەیشتنی خۆیاندا وانە دەڵێنەوە، واتە فێرکردن لای ئەوان پرۆسەیەکە کە تێیدا خۆیان جارێکی تر ئەو زانیارییە دەناسنەوە کە پێشتر فێری بون. بە بۆچونی فرێری، فێرکردن پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە کە تێیدا مامۆستا هەوڵدەدات چۆنیەتی تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە بگوازێتەوە بەشێوەیەک کە هەمان پرۆسەی تێگەیشتن لای فێرخوازانیش دروست بکات. لێرەدا فێرکردن چیتر کردارێکی میکانیکی و دوبارەکراوە نییە، بەڵکو کردارێکی ڕەخنەگرانەو داهێنەرانەیە. لە کۆتاییدا، حەزی زانینی هەردو لایەن مامۆستا و فێرخوازان لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە دوسەرەی فێرکردن وفێربون یەکدەگرنەوە و پرۆسەکە دەوڵەمەند دەکەن (FREIRE,1994,p.81). ئامادەکاری مامۆستا ناکرێت تەنها لە چوارچێوەی تیۆریدا بێت و پەیوەندی بە واقیعی فێرخوازیان و ئەزمونەکانیانەوە نەبێت. ناتوانرێت ناوەڕۆکی پەروەردە تەنها وەک زانیاری بە شێوەیەکی میکانیکی بگوازرێتەوە بۆ فێرخوازیان، چونکە فێرکردن و پەروەردە پرۆسەیەکی ئاڵۆزترەو لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەزمونی ڕاستەقینەی ژیانی فێرخوازان (فریری، ٢٠٠٤، ١٥١).

فرێری چەمکی "ساتی ڕێنمایی لە پەروەردەدا دەخاتەڕو، کە ئەو کاتەیە مامۆستا پێویستە دەستێوەردان بکات بۆ پێشخستنی تێگەیشتنی فێرخوازان. بەپێی فرێری، باشترە فێرخوازان خۆیان زانیارییەکان یەکبخەن، بەڵام کاتێک ئەمە ڕونادات، مامۆستا دەبێت یارمەتیدەر بێت. مامۆستایەکی تاکڕەو هەوڵدەدات پرۆسەی ئیندێکتیڤ قۆرخ بکات، بەڵام مامۆستایەکی ڕزگارکەر تەنها کاتێک دەستێوەردان دەکات کە پێویست بکات، بە ئامانجی ئەوەی فێرخوازان دواتر بتوانن خۆیان بەردەوام بن. بەم شێوەیە، ڕۆڵی مامۆستا بریتییە لە دەستپێکردن و ئاڕاستەکردنەوەی گفتوگۆ، بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن خۆیان پرۆسەکە بەرەوپێش ببەن. بە گوتەی فرێری: "مەحاڵە بۆ من یارمەتی کەسێک بدەم بەبێ ئەوەی فێری شتێکی بکەم کە بتوانن بۆ خۆیان دەست بە ئەنجامدانی بکەن (Roberts, 2015:301).

پاولۆ فرێری پێیوایە " ئەو مامۆستایەی کە "بە دروستی" بیردەکاتەوە، جوانی شێوازی بونی ئێمەلە جیهاندا وەک بونەوەری مێژوویی، و توانای دەستوەردان و ناسینی ئەم جیهانە بۆ فێرخوازان دەگوازێتەوە. ئێمە هەرچەندە مێژوویی بین، بەڵام زانینمان لەسەر جیهان مێژوییبونی هەیە. جگە لەوەش ئەوە فێری فێرخوازدەکات کە زانین و زانینی ئێمە بەرهەمی مێژوبونە " (FREIRE, 1998, 53-54).

## ئەنجام:

١- پاولۆ فرێری داکۆکیکارێکی کاریگەربو لە پێداگۆجی ڕەخنەیی. کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبو لە بواری پەروەردەو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی. بەتایبەت بەهۆی بیرۆکەکانی لەبارەی ڕزگارکردنی ستەملێکراوان (چەوسێنراوان). هەربۆیە فرێری وەک فەیلەسوفێک هەم وەک پەروەردەکارێکی ئازادیخواز، بەشێوازێکی سستماتیک و سەردەمیانە کاری لەسەر پەروەردە کردوە لەپێناو ئازادکردنی چینی چەوساوە لە چنگی چەوسێنەران.

٢- پەروەردەی بانکی، ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای ستەمکارییە، فرێری پێیوایە کە لەم پرۆسەیەدا فێربون و مەعریفە گەڕان بە دوای ڕاستییەکان نازانێت. بۆیە پەروەردەی بانکی ئامرازێکە بۆ چەوساندنەوە. نابێت کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕ لەم پەروەردەیە نەریتییە کەڵک وەرگرێت کە لە کۆمەڵگەی ستەمدا باو بوە.

٣- لە فێرکردنی بانکیدا، فێرخوازان وەک بونەوەرێکی گونجاو و بەرێوەبەر سەیر دەکرێن، ئەم میتۆدە لە بنەڕەتدا دژە دیالۆگە و بە شێوەیەکی سیستماتیکی ڕێگری دەکات لە پەرەپێدانی ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە بەرەو جیهان. فێرخوازان وەک 'ئۆتۆماتیکی' ڕەزامەند مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوە و کرداردا کۆنترۆڵ بکرێن. مامۆستا ڕۆڵێکی پاوانخوازانە دەگرێتە ئەستۆ و واقیعی کۆمەڵایەتی بێ بایەخ دەکرێت.

٤- توێژینەوەکە دەریدەخات کە جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان شێوازی فێرکردنی بانکی و پەروەردەی ڕەخنەگرانەدا هەیە. لە پەروەردەی ڕەخنەگرانەدا، فێرخوازان ئازاد دەبن لە ڕۆڵی وەرگری بێدەنگ و دەبنە بەشدارانی چالاک لە پرۆسەی فێربون. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەوان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکەن و پرسیار دەخەنە ڕو. لەئەنجامدا ئەوە ڕوندەبێتەوە کە پەروەردەی ڕەخنەگرانە شێوازێکی هاوبەشی چارەسەرکردن بەرەو پێش دەبات، کە تێیدا فێرخواز و مامۆستا پێکەوە کاردەکەن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا مامۆستایانی کاریگەر ئەوانەن کە متمانەیەکی قوڵیان بە تواناکانی فێرخوازەکانیان هەیە. ئەم متمانەیە بەشێکی سەرەکییە لە ناسنامەی پیشەییان و مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ پەروەردەیەکی ڕاستەقینە و مرۆیی.

٥- بۆ فرێری دیالۆگ وەک کردەیەکی مرۆیی وایە، دەرفەت دەدات بە چەوساوەکان تا دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و بەرەنگاری ستەمکاری ببنەوە. ئەم ڕێگایە پشت بە بەها ڕەوشتیەکانی وەک خۆشەویستی و باوەڕ دەبەستێت کە مەبەستیان بەدەستهێنانی تێگەیشتنی دوقۆڵی و سەرکەوتنی دیالۆگە. بەبڕوای فرێری بنچینەی دیالۆگی ڕاستەقینە لەسەر دابەشکردنی بیرۆکە، دڵەڕاوکێ و پرسیارەکانی ژیانە.

٦- تیۆری پەروەردەیی فرێری پێداگری دەکات لەسەر گرنگی ئازادیی فێرخوازان بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی فێربونیان، ئەمەش ڕێگە خۆشدەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی فێربونی ئازادانە. لەم میتۆدە پەروەردەییەدا فرێری مەبەستی خۆی لە دروستکردنی ژینگەیەکی فێربونی چالاکدارۆندەکاتەوە کە دەرفەتی پەرەپێدانی تواناکانی چارەسەرکردنی کێشە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ فێرخوازان دەڕەخسێنێت بەمەش ئازادی بۆ فێرخوازان لە بیروبۆچونەکانیان دێتەکایە.

## پەراوێز:

پاولۆ فرێری (Paulo Reglus Neves Freire) (١٩٢١-١٩٩٧) پەروەردەکار و فەیلەسوفی بەڕازیلی، داکۆکیکارێکی کاریگەربو لە پێداگۆجی ڕەخنەیی. کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبو لە بواری پەروەردەو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی. بەتایبەت بەهۆی بیرۆکەکانی لەبارەی ڕزگارکردنی ستەملێکراوان (چەوسێنراوان). لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٢١ لە شاری ڕیسیف کە یەکێکە لە شارە گەورەو گرنگەکانی بەڕازیل لەدایک بوە. فرێری لە خێزانێکی مامناوەند گەورە بوە، خۆی ئەو ڕوداوانەی ئەزمون کردوە کە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە، ئەو بەقوڵی پەیبردوە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و هێزی گۆڕانکاریە پەروەردەییەکان کردوەو خستونیەتە بەرباس (Mandal, 2023:2). کاریگەری فرێری تەنها لە بواری پەروەردەدا نەبو، بەڵکو کاریگەرییەکی گەورەی لە گەشەپێدانی نەتەوەیی دروستکردوە، لەڕاستیدا دەتوانرێت بوترێت فرێری گرنگترین پەروەردەکارە لە جیهاندا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا. کارەکانی فرێری وەک جۆرێکی نوێ لە ڕۆشنبیری سەیر دەکرێن و بیرکردنەوەکەی نوێنەرایەتی وەڵامدانەوەی عەقڵێکی داهێنەر و ویژدانێکی هەستیار دەکات بەرامبەر بە نەهامەتی و ئازاری نائاسایی چەوساوەکانی دەوروبەری (SHIH[1], 2011:1).

فرێری لەوە تێگەیشت کە سیستمی پەروەردەی ئەوکات 'کلتوری بێدەنگی' ی چەسپاندوەو خەڵکی بێدەنگ کردوە لە ئاستی ئەو هەمو هەژاری و برسێتیەدا، کاتێک پەی بەم ڕاستییە برد ئیتر گرنگی دا بە لایەنی پەروەردەو فێرکردن و کارکردن لەسەری. لەماوەی خوێندن و بیرکردنەوەیدا توانی داهێنانێکی گەورە بکات لە فەلسەفەی پەروەردەدا، لە میانەی خەبات و تێکۆشانی ڕاستەوخۆوە لە پێناو ڕزگاری ژن و پیاو و دۆزینەوەی جیهانێکی نوێی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەموان، لێرەدا گەیشتە بنج و بناوانی هەڵوێستە فەلسەفیەکەی. وەک خۆی دەڵێ، لە بیر و بۆچونە فەلسەفیەکانیدا سودی لە سارتەر، ئەریک فرۆم، ئەلتۆسێر، ماوتسی تۆنگ، چێ گیڤارا، ئاونامۆن و مارتن لۆتەر بینیوە بۆ تیۆریە پەروەردەییەکانی (عەلی، ٢٠٢٠، ٢٨٣).

لە ماوەی ساڵی ١٩٤٨ی زایینی تا ١٩٦٠ی زایینی لە بواری پەروەردەی گەورەساڵان و ڕاهێنانی کرێکاریدا کاری کردوە. لە ساڵی ١٩٥٩، فرێری بڕوانامەی دکتۆرای لە پەروەردەی گەورەساڵان بەدەستهێناو وەک ڕێکخەری پرۆژەی خوێندەواری گەورەساڵان لە شاری ڕیسیفی دەستنیشانکراو توانی سەرکەوتن لەم پرۆژەیە بەدەست بهێنێت. پاولۆ فرێری سەرەتا لە کاتی خوێندنی دکتۆرادا بیرۆکە و فەلسەفەی خۆی لە بواری پەروەردەدا خستەڕو (الشعیبی، ٢٠٢١، ١٠٥).

### سەرچاوەکان


تۆماس، گاری(٢٠٢٢). پەروەردە، پێشەکیەکی زۆر کورت، لە ئینگلیزیەوە پەرۆش محمد ساڵح.چاپی یەکەم: بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

سەعید، فایەق(٢٠٢٢). دیداکتیکی گشتی، لەقۆناغی پێش خوێندنگەوە *بۆ زانکۆ ٢ ، چاپی یەکەم،* دامەزراوەی پەروەردەی فام، سلێمانی.

شارعپور، مەحمود( ٢٠٢). کۆمەڵناسی پەروەردەیی. و، سوارە سەباح، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربون، هەولێر.

عەلی، د. سعید اسماعیل (٢٠٢٠). فەلسەفەی پەروەردەی سەردەم، و جیهاد محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

فرێری، پاولو (٢٠١٥). پێداگۆجی ستەملێکراوان، و جیهاد محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

فریری،باولو(٢٠٠٤). المعلمون بناة ثقافة، ترجمة(د،حماد عمار)، الدار المصرية البنانية، القاهرة.

فريرى، باولو(٢٠٠٧). تربية القلب فى مواجهة الليبرالية الجديدة، ترجمة (دكتور سامى محمد نصار)، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.

شكور، جليل وديع(٢٠١٧). تيارات تربوية معاصرة .دار النهضة العربية، بيروت – لبنان.

نوفل،د.محمد نبيل (٢٠١٨). باولو فريري، فلسفته آراؤه في تعليم الكبار طريقته في محو ألمية .دار الوطن للنشر والتوزيـع.

حبيبة، تريس(٢٠١٩). دياليكتيك الأنسنة واللاأنسة فى فلسفة المقهورين عند " باولو فريرى .جامعة الدكتور مولاى اللطاهر سعيدة، مجلة متون، المجلد الحادى عشر . العددالأول.

حمزة، لمين حمزة بن (٢٠٢١) التربية السياسية عند باولو فريرى .جامعة زيان عاشور الجلفة كلية العلوم اإلنسانية وااالجتماعية قسم علم النفسوفلسفة، مذكرة تخرج ضمن متطلبات نيل شهادة ماستر تخصص: فلسفة عامة.

على، زينب على محمد(٢٠١٩). طريقة باولو فريرى للتربية فى الطفولة المبكرة، أصولها الفلسفية وتطبيقاتها التربوية .مجلة بحوث ودراسات الطفولى- جامعة بنى سويف، مج١ (٢).

قلامين، موسى قرونى مفتاح بن عمر، صباح (٢٠٢١). الإصصلاح التربوى والبير التعليمى عند باولو فريرى .مجلة الأثر للدراسات النفسية والتربية، جامعة الجيلالى، العدد ٠٢ فيفرى٢٠٢١، ص.(59 -44)
لشعيبى، د.عبدالرحمان عبدالعزيز(٢٠٢١) نظرية باولو فريرى فى تعليم الكبار .مجلة افاق جديدة فى تعليم الكبار، العدد التاسع والعشرون
الشميرى، أشواق السيف-خلود السيارى-عذراء(٢٠١٩) القيم المتضمنة فى كتاب باولو فريرى " تعليم المقهورين،المجلة التربوية لتعليم الكبار-كلية التربية- جامعة أستتوط، المجد الأول-العدد الرابع.
عرار، خالد(٢٠٠٩). دور المعلم فى المنظور الفلسفى والاجتماعى، دراسة مقارنة بين أفلاطون و ابن خلدون و باولو فريرى، Texas State University، See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/275343629 ,453 PUBLICATIONS 3,496 CITATIONS
FREIRE, PAULO. (1994). PEDAGOGY OF HOPE , Reliving Pedagogy of the Oppressed ,Translated by Robert R. Barr,With Notes by Ana Maria Araujo Freire. CONTINUUM • NEW YORK: Thomas J. Bata Library ,PETERBOROUGH, ONTARIO.
Freire, Paulo(1985) Reading the World and Reading the Word: An Interview with Paulo Freire, Published by: National Council of Teachers of English http://www.jstor.org/stable/41405241, Source: Language Arts, Vol. 62, No, 1
Frerie,Paulo(1998). Pedagogy of freedom, Ethics, Democracy, and Civic Courage, Patrick Clarke.
Darder, Antonia. (2017). Pedagogy of Love ،REINVENTING PAULO FREIRE. New York: by Routledge.
Mandal, Mubashwer Mahabub. (2023). Paulo Freire's Pedagogy of Liberation: A Critical Analysis and Contemporary Perspectives. International Journal of Research Publication and Reviews , Journal homepage: www.ijrpr.com ISSN 2582-7421.
Roberts, Peter. (2015). Structure, Direction and Rigour in Liberating Education. Oxford Review of Education, http://dx.doi.org/10.1080/0305498960220304.
Salmeri, Stefano. (2022). Paulo Freire’s Philosophy of Education in Contemporary ContextFrom Italy to the World. Giles, Oxford: Peter Lang Group.
SHIH[1],YI-HUANG (2011). Paulo Freire's Educational Thought of Dialogue and Its Implications for Teachers and Teaching. Ching Kuo Institute of Management and Health, Taiwan, Conference Presentation © 2011 Philosophy of Education Society of Australasia.
Zamzami, Muhammad Rifqi. (2023). PAULO FREIRE'S VIEW ON FREEDOM TO LEARN POLICY. Scaffolding: Jurnal Pendidikan Islam dan Multikulturalisme, Volume 5 Number 1,Page: 65-84.
Julião, Barbosa Beatriz Fernanda Carreira Kênia Mara da Costa Jacob Silva Zuleide Aparecida, Paulo Freire and the educational links of knowledge: Contributions of his thought to Contemporary Brazilian Education, (2011)